**ڕاگەیاندنی سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق سەبارەت بە:**

# ئاکامی خۆپیشاندانەکانی کوردستان

**کرێکاران، لاوان، ژنان، جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

**ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و مافە فەردیو مەدەنیەکان**

ئێمە لەمانگی ڕابردوودا وە لەبەرامبەر نەبوونی کارەباو سوتەمەنیو پێداویستیە سەرەتاییەکانی خۆماندا، خۆپیشاندانو مانگرتنو ڕێپێوانمان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا ئەنجامدا، بەڵام نەك هەر گوێ لەداواکانمان نەگیراو لەهەندێ جێگە بەتەقەکردن وەڵام درایەنەوەو ژمارەیەکی ئیجگار زۆریشمان ڕاپێچی زیندانەکانی ئاسایش کران، بەڵکو ئەوەتا کارەبا بەم وەرزی گەرمایە بۆ کەمترین ئاستی خۆی کەمکرایەوە، ئێستا پرسیارێك کە لەلایەن خەڵکەوە ئەکرێت ئەوەیە کە ئایا ڕابەرانی خۆپیشاندانەکان پاش تەقەلەخۆپیشاندەرانو زیندانو کەمکردنەوەی کارەبا چی ئەکەن؟ کەی خۆپیشاندان ساز ئەدەنەوە؟

ئێمە لە بەرامبەر فەرامۆشیو بێ وەلامی دەسەلاتداراندا هیچ ڕێگەیەکی ترمان نیە جگە لەدرێژەدان بەناڕەزایەتی دەربڕین، ڕێپێوانی هێمنانەو خۆپیشاندان، فشارهێنان بۆ دەسەڵاتداران کە: **لەسەریانە دەبێت یان وەڵامی گرفتەکان بدەنەوە یان دەست لە مەسئولیەت هەڵگرن لە کۆلی ئەم خەلکە ببنەوە**، بەرپرسە گەندەڵەکان ئەبێت دەستنیشان بکرێنو دادگایی بکرێن، سەروەتو سامانی کۆمەڵگا ئەبێت بۆ خاوەنی ئەسڵی خۆی بگەڕێتەوە، ئێمە لەپێناوی دابین کردنی ئەم خواستانەدا خۆپیشاندانمان کردوەو بەردەوام دەبین. ئەبێت خەڵك بزانێت کە تەنها ڕێگە کۆبونەوەیە لەدەوری ڕابەرەکانیانوخۆیان ڕێکخراو بکەن، ڕێگە لە هاتنە ناوەوەی ئاژاوەچیەکانی سەر بەدەسەڵات بگرن، بەهەر ئەندازەیەك ناڕەزایەتیەکانمان ڕێکخراوبێت بەو ئەندازەیە مەدەنیترو بێدەردەسەرتر ئەبێت،

**جەماوەری ناڕازی کوردستان!**

دەسەڵاتداران لەلایەك ئەیانەوێ بە ترساندنو زەبری چەكو زیندانو هەڕەشە بەر بەناڕەزایەتیەکانمان بگرن، وە لەلایەکیتر بە مەسەلەی ئاڵای عێراقو کێشمەکێش لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب، مەسەلەی کارەباو سوتەمەنیو پێداویستیە سەرەتاییەکانمان لەبیر بەرنەوە، بەڵام خەڵکی کوردستان لە گەڵ ئەوەی کە ئەبێت سوربن لەسەر داخوازیەکانیانو بێوچان لەکۆششدابن بۆ فەرزکردنیان، **هاوکات سەبارەت بەمەسەلەی ئاڵای عێراق، ئێمەو خەڵك ئەبێت ئەو پەیامە بدەینە گوێ دەسەڵاتدارانو سەرجەم ناسیونالیزمی کوردو عەرەبدا، کە نەك هەر ئاڵای عێراقمان قبوڵ نیە بەتەنها، بەڵکو مانەوە لەچوار چێوەی عێراقی شۆڤێنی_ئیسلامی بەتەواوی ڕەتدەکەینەوەو خوازیاری جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکۆلارو مۆدێرنین لەکوردستان.**

خەڵکی کوردستان لەئێستادا بەشێوازی کۆکردنەوەی ئیمزای چەند هەزار کەسی لەشارەکاندا، تادەگاتە شکات کردن لە بەرپرسە گەندەڵەکان، مانگرتنی جەماوەری و چەند سەعاتە لەسەرجەم دامودەزگاکانو شوێنە گشتیەکان، مانگرتنی بەردەم بارەگاکانی حکومەت.... ئەبێت درێژە بە ناڕەزایەتیەکان بدەین، تا ئەنجامدانی خۆپیشاندانی سەراسەری لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا لەپێناو خواستی چارەسەری یەکجارەی کێشەی کارەباو سوتەمەنیو خزمەتگوزارییەکان، لە پیناو خواستی جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. هاوکات بانگەوازم بۆ ئەو دەستەو کۆمەڵانەی کە لەدەرەوەی کوردستانو وڵاتانی ئەورپا کە بۆ داکۆکیکردن لە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراون، کاربکەن بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی دەولی لە ناو دامو دەزگاکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وڵاتەکانیان، ئەنجامدانی خۆپیشاندان لەبەردەم نوسینگەکانی حکومەتی هەرێمو نوێنەرایەتیەکانی پارتیو یەکێتی لەدەرەوە بۆ فشار خستنەسەریان لەپێناو ناچارکردنیان بە وەڵامدانەوە بەداواکانی خەڵكو ڕێزگرتن لە ئازادی ڕادەربڕینو بەڕەسمی ناسینی خۆپیشاندان و دەستکۆتاکردنیان لە ڕەشبگیری.

**زمناکۆ عزیز**

**سەرەتای ئەیلولی** 2006